DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.357



Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# کودەتای (١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠) لە تورکیا

## «لێکۆڵینەوەیەك لە هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان»

**بێریڤان محمد محمود**

berevanshaqlaway@gmail.com

**پوختە:**

دیاردەی کودەتا لە تورکیا وەك یەکێك لە دیاردە سیاسیی و سەربازییەکان پێویستی بە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە، لەبەرئەوەی گۆڕانکاریی گەورەی لە بواری سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەدا درووستکردو ڕەنگدانەوەی لەسەر بوارەکانی ئابووریی و کۆمەڵایەتییش هەبووە. کودەتای (١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠) بە یەکێك لەو کودەتا سیاسیی و سەربازییانەی تورکیا هەژمار دەکرێت، کە بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسیی و دژواربوونی دۆخی ئابووریی و بەریەککەوتنی گروپە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان هاتەئاراوە وەك هۆکارە ناوخۆییەکان، سەرەڕای کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکان، کە بریتی بوو لەناڕەزایی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لەمەڕ قەیران و تەنگژە سیاسییەکانی تورکیا و دڕدۆنگی لەئاستی گەشەکردنی تەوژمی چەپ و ئیسلامیی سیاسیی و جووڵانەوەی سیاسیی و چەکداریی کورد. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بەدوای ئەو پرسیارانەدا بچێت، کە ئایا هۆکاری سەرهەڵدانی کودەتای (١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠) لەتورکیا چیبوو؟ ڕۆڵی فاکتەر و هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕوودانی ئەو کودەتایە هەبووە؟ ئایا تەشەسەندنی بەریەککەوتن و پێکاهەڵبژانی گروپە ڕاستڕەو و چەپڕەوەکانی تورکیا ڕۆڵی هەبوو لەبەرپابوونی کودەتاکە و ناڕەزایی ئەمەریکا وەك فاکتەرێکی دەرەکی لە هاتنەئارای کودەتاکەدا؟ ئەنجام و کاریگەرییەکانی ئەم کودەتایە بووە هۆی گۆڕانکاری لەسیستەمی سیاسیی تورکیا و هاتنەئارای بارودۆخێکی نوێی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و دەستووریی، بەجۆرێ ساڵی ١٩٨٢ دەستوری نوی بۆ تورکیا نوسرایەوەو ساڵانی دواتر پارت و ڕێکخراوی سیاسیی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیادا ڕۆڵیان بینی و چوونە سەر تەختی دەسەڵات. هەروەك کۆتایی هێنا بە قۆناغێك لە پەرەسەندنی تەوژمی چەپ و ئیسلامی سیاسیی و جوڵانەوەی سیاسیی کورد لەو قۆناغەدا هێنا و لاوازی کردن.

**کلییلە وشەکان:(تورکیا، کودەتا، هۆکار، سەربازیی، ناوخۆ، دەرەکیی).**

Recieved: 15/10/2023
Accepted: 15/11/2023



**E-ISSN: 2790525-X**
**P-ISSN: 27905268**

# پێشەکیی

دەوڵەتی تورکیا لە مێژوویی دامەزراندنیەوە لە ساڵی (١٩٢٣) تاقۆناغەکانی دواتر ژمارەیەك کودەتای سەربازی و سیاسیی بەخۆوە بینیوەو هەمووشیان کاریگەری گەورەیان کردۆتە سەر ژیانی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە. دیارە هەر کودەتایەکیش هۆکارو پاڵنەرو ئەنجام و تایبەتمەندی خۆی هەیەو جیای ئەکاتەوە لە کودەتاکانی تر، بەو پێیەی کودەتاکان زادەی هەلومەرجە جیاوازە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی قۆناغە مێژووییەکەی خۆیانن. کودەتای (١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠) یەکێك لەو کودەتا سەربازی و سیاسییە گرنگانەی تورکیا بوو، کە بەهۆی سەرهەڵدانی تەنگژەی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی لە ناوخۆی تورکیاو کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکان بەتایبەت ئاگاهی ئەمەریکا روویداو بووەهۆی گۆڕینی سیستەمی سیاسیی لە تورکیاو دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی سیاسیی لەو وڵاتە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە ئەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی دیاردەی کودەتاو هۆکارەکانی بەرپابوونی بەهۆی هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوەو پێویستی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر کودەتای (١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠) لە تورکیا، لەبەرئەوەی پێویستە رۆشنایی زانستی بخرێتە سەر ئەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییانەی بوونەهۆی روودانی کودەتاکە. هەروەك ئامانج لەنووسینی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی بارودۆخە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی تورکیاو کاریگەریان لەسەر سەرهەڵدانی کودەتای (١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠) لە تورکیاو بەخشینی مەعریفەی زانستی و بابەتی لەوبارەیەوە.

ئەو میتۆدەی لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە بریتییە لە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بەجۆرێ رووداوە مێژووییەکان باسکراوەو دواتر شیکردنەوەو لێکدانەوەی زانستی بە گرتنەبەری پێوەرەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بۆ هۆکاری روودانی کودەتاکەو ئاستی رەنگدانەوەیان لەسەر هاتنەئارای کودەتای ناوبراو. لە هەر جێگەیەکیشدا پێویست بووبێت توێژەر راو سەرنج وو لێکدانەوەی خۆی لەسەر زانیارییە وەرگیراوەکان و رووداوەکان و هۆکارەکانی خستۆتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە لەدوو باسی سەرەکی پێکهاتووە، باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی رۆڵی (هۆکارە ناوخۆییەکانی تورکیا لە بەرپابوونی کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠)، باسی دووەمیش تایبەتە بە رۆڵی (هۆکارە دەرەکییەکانی تورکیا لە بەرپابوونی کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠). لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

بۆنووسینی ئەم توێژینەوەیە سوود لە ژمارەیەك سەرچاوەی جۆراوجۆر بە زمانی عەرەبی و کوردی وەرگیراوە، کە بایەخی زانستی خۆیان هەیە. لە سەرچاوە عەرەبییەکان وەك کتێبی (د.احمد عبدالعزیز محمود) بەناونیشانی (ترکیا فی القرن العشرین)و کتێبی (د.خلیل علی مراد و د.خلیل ابراهیم العلاف) بە ناونیشانی (تاریخ ترکیا وایران المعاصر)و کتێبی (اندرو فنکل ونوکقت سیرمان) بە ناونیشانی (ترکیا المجتمع والدولة). هەروەها لە سەرچاوە کوردییەکانیش وەك کتێبی (هاوکار جەلیل محێدین) بە ناونیشانی (دۆزی کورد لە تورکیا ١٩٨٠- ١٩٩٠)و کتێبی (ئیبراهیم داقوقی) بە ناونیشانی(کوردی تورکیا)و کتێبی(حەمید بۆز ئەرسەلان) بە ناونیشانی (مێژووی هاوچەرخی تورکیا). هاوکات سوود لەژمارەیەك گۆڤاری زانستی و رۆژنامە وەرگیراوە.

## باسی یەکەم- هۆکارە ناوخۆییەکانی بەرپابوونی کودەتای (١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠)

لـە مێـژووی هاوچەرخـی تورکیـادا ژمارەیـەك کودەتـای سـەربازی ئەنجامـدراوە لـە سـاڵانی(١٩٦٠-١٩٧١-١٩٨٠)، کە جێگای لێوردبوونـەوەی زیاتـرە بـە گشـتی و کودەتـای (١٢ی ئەیلوولـی ١٩٨٠) بەتایبـەت، لەبەرئـەوەی گۆڕانـکاری گـەورەی لـە سیسـتەمی سیاسـیی ئـەو وڵاتـەو بـوارە جیاوازەکانـی تـر درووسـتکردو قۆناغێکـی نوێـی سیاسـیی لـە تورکیا هاتەئـاراوە.١

ئـەو کودەتایـەش دەرئەنجامـی کۆمەڵێـك هـۆکار بـوو، کـە تایبـەت بـوو بـەو قۆناغـەی مێـژووی تورکیـاو جیاوازبـوو لـە کودەتاکانـی تـر. بەجـۆرێ سوپاسـالار(کەنعان ئێڤریـن)٢* سـەرکردەی کودەتاکـە ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە، کـە کودەتـای (١٢ی ئەیلوولـی ١٩٨٠) وەکووسیاسـیی کودەتاکانـی تـر نەبـووە، چونکـە لـە ئەنجامی ئـەو بارودۆخە ئاڵـۆزو پـڕ نەهامەتیانـەی تورکیـا لـە سـاڵانی حەفتـاکان تووشـی بـوو، هاتەئـاراوە. هـەروەك کودەتاکـە ئامانجـی گێڕانـەوەی ژیانـی دیموکراسـی بـووە بـۆ وڵات، کـە بەهـۆی بەریەککەوتنـی ئاراسـتەی راسـتڕەوو چەپـڕەوی ئـەو وڵاتـە سیسـتەمی سیاسـیی لـە لێـواری داڕووخانـدا بـوو، سـەرباری گەشـەکردنی ڕەوتـی ئیسـلامی و جووڵانـەوەی سیاسـیی و چەکداریـی کـورد.٣

هـاوکات چەندیـن هـۆکار بوونەهـۆی ڕوودانـی ئـەم کودەتایـە لەوانـەش هـۆکارە ناوخۆییـەکان، کـە خـۆی ئەبینێـەوە لـە:

## یەکەم- هۆکاری سیاسیی:

بەهـۆی تەشەنەسـەندنی کوشـتنو کاری توندوتیـژی لەسـەر دەسـتی گرووپـە چەکـدارەکان، بەشـێوەیەك تـا سـاڵی (١٩٨٠) ژمـارەی قوربانییـەکان گەشـتە زیاتـر لـە (١٠٠٠) کـوژراو، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی ناکۆکییـە سیاسییەکان لەنێـوان کەسـایەتییە سیاسـییەکانی وڵاتـدا بـەردەوام بـوو، بەجۆرێـك سـەرۆکی کودەتاکـە (کەنعـان ئێڤریـن) وتبـووی:»وڵات لـە بارودۆخێکـی شـڵەژاوو مەترسـیداردایە».٤ هۆکارەکانـی توندوتیـژی سیاسـیی، کـە تورکیـا پێـوەی ئەیناڵانـد ئەگەڕێتـەوە بـۆ زۆربوونـی بەریەککەوتنـی هێـزو لایەنـە سیاسـییەکانی ناوخـۆ، کـە بیروبۆچوونـی دژبەیەکیـان هەبـووە، بۆیـە هەریـەك لـەو لایەنـە سیاسـییانە هەوڵـی کۆنترۆڵکردنـی بارودۆخـی وڵاتو کۆمەڵگەیـان ئـەداو ئەیانویسـت وڵات بخەنـە ژێـر ڕکێفـی خۆیانـەوەو کۆمەڵگـە لەسـەر ویسـتو بەرنامـەی خـۆی بەڕێـوە ببـەن.٥

لەلایەکیـترەوە کـردەوە توندوتیژییەکانـی نێـوان گروپـە راسـتڕەوو چەپـڕەوەکان لـە تورکیـا لـە سـاڵانی حەفتاکانـدا بەشـێوەیەکی ئاشـکرا گوزارشـتی لـە نائارامـی بارودۆخـی سیاسـیی‌و سرووشـتی فەرمانڕەوایـی تورکیـا ئەکـرد، ئەمـە

---

١ د.طارق عبدالجليل: العسكر والدستور فی تركيا من القبضة الحديدية الى دستور بلا عسكر، ط٢، دار النهضة، مصر، ٢٠١٣، ص٨١.

٢ * کەنعـان ئێڤـرن: لـە(١٧ی تەممـوزی ١٩١٨) لەهەرێمـی مانیسـا لەدایکبـووە. خوێندنـی سـەرەتایی‌و ناوەندی تەواوکـردووەو چۆتـە قوتابخانەی جەنگـی‌و وەك ئەفسـەر لەپۆلـی تـۆپ هاوێـژ سـاڵی ١٩٣٨ دەرچـووە. لەسـاڵی ١٩٤٩ ئەکادیمیـای وشـکانی بەپلـەی ئەفسـەر روکـن تـەواو کـردووە. سـەرۆکایەتی سـوپا سـالاریی تورکیـای گرتۆتـە دەسـتو سـەرکردایەتی کودەتـای(١٢ی ئەیلوولـی ١٩٨٠)ی کـردووە. دواتـر وەك سـەرۆك کۆمـاری تورکیـا لـە(١٩٨٢/١١/٩- ١٩٨٩/١١/٩) کاری کـردووە، بڕوانـە د.حامـد محمـد طـه السـويدانی: قضيـة حـزب العـمال الكردسـتانی واثرهـا علـى العلاقـات التركيـة- الروسـية(١٩٨٤-١٩٩٩)، مج(دراسـات اقليميـة)، ع(٢٩)، مركـز الدراسـات الاقليميـة، جامعـة الموصـل، ٢٠١٣، ص٢٤١.

٣ د.سعيد الحاج: تركيا والانقلابات العسكرية واحتمالات المستقبل، ط١، المعهد المصری للدراسات، ٢٠١٩، ص٣.

٤ د.علی حمزه سلمان الحسناوی: ظاهرة الانقلابات العسكرية واستلاء على السلطة فی تركيا، مج(جامعة كربلاء العلمية) ع(٣)، ٢٠١٠، ص ١٢٠.

٥ دڵشـاد محمـود صالـح بابـلا: دور المؤسسـة العسـكرية التركيـة فـی السياسـة الداخليـة(١٩٨٠-٢٠٠٢)، ط١، مركـز كوردسـتان للدراسـات الاسـتراتيجية، السـليمانية، ٢٠١٢، ص١٠٨.

جگـە لـە ناكۆكییەكانـی نێـوان سـوننەو شـیعە لەلایـەك‌و بوونـی ناكۆكـی تایەفـی لەلایەكـی تـرەوە.٦ رووداوەكـەی (مـاراش – مەرعـەش) لـە كانوونـی یەكەمـی (١٩٧٨) درێژكـراوەی ئـەو ناكۆكـی‌و توندوتیژییـە سیاسـی‌و مەزهەبییـە بـوو، كـە لـە توركیـادا رویدابـوو.٧ ئـەم ناكۆكییانـەش بـوون بـە هـۆكاری بـە گۆاچوونـەوەی ئـەو هێزانـەو بەكارهێنانـی توندوتیـژی شۆڕشـگێڕیی‌و بـوو بەهـۆی زیادبـوون‌و قووڵبوونـەوەی ململانێـی سیاسـییەكان. ئـەم هێزانـە سانسـۆرو رێـگای جیاوازیـان بەكاردەهێنـا لەپێنـاوی بەرژەوەنـدی‌و ئامانجـی تایبەتـی خۆیـان، سـەندیكاكانی كرێـكاران رۆڵـی بەرچاویـان هەبـوو لـە بڵاوكردنـەوەی بانگەشـەی سیاسـیی لـە كارگـەكان و ئەنجامدانـی خۆپیشـاندان‌و دەربڕینـی ناڕەزایـی و مۆركـی روبەڕووبوونـەوەكان بـوو. هەروەهـا هۆكارێكیـش بـوو بـۆ وەسـتانی كارگـەكان. ئەمـەش بـە دوای خۆیـدا دابەزینـی بەرهەمهێنانـی بەدواداهـات، لەگـەڵ كەمبوونـەوەی شـمەك لـە بازاڕەكانـداو بەرزبوونـەوەی نـرخ. هەمـوو ئەمانـە بەهـۆی خراپبوونـی بارۆدۆخـی سیاسـییەوە بـوو لـە توركیـا.٨ لـە مـاوەی سـاڵانی (١٩٧٩- ١٩٨٠) تایبەتمەنـدی توندوتیـژی سیاسـیی بەشـێوەیەك گـۆڕا، كـە باڵـی چـەپ‌و باڵـی راسـت بـە تـەواوی كەوتبوونـە گیانـی یەكـتری‌و لـە یەكتریـان ئەكوشـت، نـەك هـەر ئەوەنـدە بەڵكـو كەوتبوونـە كوشـتنی كەسـایەتییە مەدەنییـەكان، بەجۆرێـك كار گەیشـتە كوشـتنی كەسـایەتییە سیاسـییەكانی توركیـاو تیرۆركردنیـان. لەوانـە (نیهـاد ئیریـم)ی سـەرۆك وەزیرانـی پێشـووی توركیـاو (عەبـدی ئیبیكچـی) سەرنووسـەری رۆژنامەی(میللیـەت).٩ واپێدەچـوو دەسـەڵاتداران نەتوانـن ئارامـی‌و ئاسـاییش بـۆ توركیـا بگێڕنـەوەو تـەواوی گەڕەكـەكان‌و بەتایبـەت شـارۆچكەكان هەریەكـەو كەوتبوونـە دەسـتی گروپێكـی سیاسـی و كێبڕكێـی سیاسـییان ئەكـرد لـەو ناوچانـەو هەریەكەیـان (هەرێمێكـی ئازاد)یـان دامەزراندبـوو تایبـەت بـە خۆیـان، وێـڕای ئەمانـەش توندوتیـژی سیاسـیی گرنگتریـن هـۆكاری ئیفلیجبوونـی سیسـتەمی سیاسـیی بـوو لـە توركیـا. لەسـاڵی ١٩٨٠ توندوتیژییـە سیاسـییەكان گەشـتبوونە رادەیـەك، كـە لایەنـە سیاسییە تونـدڕەوەكان كەوتبوونـە بڵاوكردنـەوەی تـرس‌و دڵەڕاوكـێ‌و رفاندنـی هاوڵاتیـان و كوشـتنی خەڵكـی بیانـی‌و تاڵانكردنـی بانكـەكان‌و چەتەگـەری و هێرشـكردنە سـەر فەرمانگـە حكومییـەكان‌و بـارەگای حـزب‌و رێكخـراوەكان. رۆژانـە لـە توركیـا نزیكـەی (٢٠ كـەس) ئەكـوژران، ئەمـەش بووبووەهـۆی ئـەوەی توركیـا لـەرووی سیسـتەمی سیاسـییەوە بـە تەواوەتـی تووشـی قەیـران‌و ئیفلیجبـوون بێـت. بۆیـە ئەفسـەرە توركـەكان وایـان هەسـتكرد كاتـی ئـەوە هاتـووە سـوپا دەسـتوەردان بـكات‌و بارودۆخـەكان هێـور بكاتـەوە، بـەڵام (كەنعـان ئێڤریـن)رازی نەبـوو، بڕیاریـدا لەرێگـەی سـەرۆك كۆمـارەوە نامەیـەك بنێرێـت بـۆ هەمـوو حـزب‌و لایەنـە سیاسـییەكان، بـەڵام ئـەم هەنـگاوە سـەرینەگرت‌و تادەهـات بارودۆخـی سیاسـیی توركیـا خراپـترو ئیفلیجـتر ئەبـوو، ئەمـەش بـوو بەهـۆی ئـەوەی سـوپا بـۆ جـاری سـێهەم كودەتـا ئەنجـام بـدات لـە رۆژی (١٢ی ئەیلولـی ١٩٨٠).١٠

لـە سـەرەتای ئـەو سـاڵەوە بەرپرسـە بـاڵا سـەربازییەكان، سـێ ئاگاداركردنەوەیـان ئاراسـتەی حكومەتەكـەی سـلێمان دیمێریـل١١* كـرد، بـۆ تاوتوێكـردن‌و گرتنەبـەری رێ‌و شـوێنی پێویسـت بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئـەو پشـێویی‌و ئاڵۆزیانەی

٦ د.طارق عبدالجلیل: العسكر والدستور، ...م.س، ص٨٤.

٧ هاوكار محێدین جەلیل: دۆزی كورد لەتوركیا لەساڵانی (١٩٨٠-١٩٩٠)، چ١،چاپخانەی (حاجی هاشم)، هەولێر،٢٠١٢، ل٧١.

٨ دڵشاد محمود صالح بابلا: دور المؤسسة العسكرية التركية..، م.س، ص١٠٩.

٩ ن.م، ص١١١.

١٠ د.طارق عبدالجلیل: العسكر والدستور فی تركیا،...، م.س، ص٨٤.

١١ * سلێمان دیمێریـل: لـەرۆژی (١ی تشرینـی دووەمـی ١٩٢٤) لەناوچـەی (ئیسـلام كـۆی) لەدایكبـووە، لەسـاڵی ١٩٤٩ بڕوانامـەی بەكالۆریۆسـی لەئەندازیـاری هایدرۆلیـك لەزانكـۆی ئەسـتەمبۆڵ بەدەسـتهێناوە. لەسـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی كـردووە بـە پارتـی (عەدالەتـی نیشـتیمان). لـە(٢٧ی تشرینـی یەكەمـی ١٩٦٥) بـووە بەجێگـری سـەرۆك وەزیـران. لەسـاڵی (١٩٦٥ و ١٩٦٩ و ١٩٧٥ و١٩٧٧) چوارجـار حكومەتـی پێكهێنـاوە. حـەوت جـار سـەرۆك وەزیـران بـووە. نۆیەمیـن سـەرۆك كۆمـاری توركیـا بـووە. بڕوانـە د.ریـان ذنـون العباسـی، سلیمان دیمریـل ودوره فـی تنمیـة مشـاریع المیـاه التركیـة، مـج (التربیـة والعلـم)، مجـل(١٧)، ع(١)، مركـز دراسـات الاقلیمیـة، جامعـة الموصـل، ٢٠١٠.

رەوشی نێوخۆی تورکیای گرتبۆوە١٢، چونکە لەبنەڕەتدا هۆکاری کودەتاکە بریتی بوو لە مەترسی گەشەکردنی رەوتی ئیسلامی سیاسیی لەسەر سیستەمی سیاسییو عەلمانیەتی دەوڵەت. بەتایبەت دوای بەڕێوەچوونی مەراسیمی رۆژی قودس، لەلایەن پارتی سەلامەی نیشتمانییەوە بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان١٣** بە بەشداری زیاتر لە (١٠٠)هەزار کەس بەڕێوەچوو، کە تیایدا دروشمی رزگارکردنی قودسو هێرشکردنە سەر سیستەمی عەلمانیو داواکردنی روخاندنیو جێگرتنەوەی بە دەوڵەتی ئیسلامی بەرزکرابوویەوە.١٤ پێشتریش پارتەکە لەکۆنگرەی چوارەمیدا لە (١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨) هوتافی(یان ئیسلام یان مەرگ) یان بەرزکردبۆوە، جگە لە لێدوانەکانی نەجمەدین ئەربەکان لەرۆژی(١٢ی حوزەیرانی ١٩٧٩)دا.١٥ هەروەها مەترسی گەشەکردنی رەوتی چەپ لە تورکیاو بڵاوبوونەوەی تیرۆری سیاسییو توندوتیژیی بەهۆی پێکدادانی چەکداریی لە شەقامەکاندا لەگەڵ رەوتی راستڕەی ئەو وڵاتەو شڵۆقبوونی سیستەمی سیاسیی،١٦ بەتایبەت دوای دزەکردنی دەزگای سیخوڕیی تورکیا بۆ نێو رێکخراوە چەپەکان هەست بەو مەترسییە کرا. هەروەها ترسی ئەمریکاش لەدرووستبوونی مەترسیی لەسەر سیستەمی سەرمایەداریی لە تورکیا، بەهۆی گەشەکردنی رەوتو رێکخراوە چەپەکانی ئەو وڵاتە. جگە لەرووخانو کۆتایی هاتنی سیستەمی شاهەنشایی پەهلەوی لە ئێرانی هاوپەیمانیداو هاتنە ناوەوەی یەکێتی سۆڤییەت لەو قۆناغە بۆ ئەفغانستانو بەهێزبوونی بەرەی سۆسیالیستی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.١٧ ئەمە سەرباری مەترسی لە جووڵانەوەی چەکداری کورد، کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی کودەتاکە بوو لەچوارچێوەی هۆکارە سیاسییەکاندا، چونکە لە بەیاننامەی ژمارە (یەك)ی سوپا، دوای ئەنجامدانی کودەتاکە بە روونی باس لە مەترسی ئەو جووڵانەوەی چەکداری کورد لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ئەکاتو تێیدا هاتووە:»دەوڵەتو دامودەزگاکانی لە کارکردن وەستاون. پەیکەری دەستوریی پڕە لە دژیەکی، هەروەك پارتە سیاسییەکان چون یەکنین لە هەڵویستیانو ئاتاجیان بە گۆڕانی پێویست هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات. ئاکامی هەموو ئەو فاکتەرانە، هێزە کوردییەکان چالاکیان زۆر بووە. ژیانو موڵكوماڵی هاووڵاتیان لە ئاساییشدا نین.

١٢ د.ابراهیم خلیل احمد ود.خلیل علی مراد: ایران وترکیا، دراسه فی تاریخ الحدیث والمعاصر، دار الکتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٢، ص٣٠٢، ود.یاسر احمد حسن: ترکیا البحث عن المستقبل، ط١، دار المصریة اللبنانیة، ٢٠٠٦، ص(٧٩- ٨٠)، و د.ابراهیم الداقوقی:اکراد ترکیا، ط٢، دار ئاراس للطباعە والنشر، اربیل، ٢٠٠٨، ص١٨٨.

١٣ ** نەجمەدین ئەربەکان: ساڵی ١٩٢٦ لەشاری سینوب لەدایکبووە. کۆلیژی ئەندازیاری کیمیاوی ساڵی ١٩٤٨ تەواوکردووەو بڕوانامەی دکتۆرای لەئەڵمانیا بەدەستهێناوەو بۆتە مامۆستا لەیەکێك لەزانکۆکانی ئەو وڵاتە. پاشان بۆتە ئەندازیار لەکارگەیەکی زرێپۆش. وەك ئەندام پەرلەمانێکی سەربەخۆی شاری قۆنیە خۆی کاندید کردووە. پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی لەحکومەتە ئیئتلافییەکەی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری لەساڵی ١٩٧٤ گرتۆتە دەستو ئینتیمای بۆ رێبازی نەقشبەندی هەبووە. لە١٩٩٦-١٩٩٧ گەیشتۆتە سەرۆکایەتی حکومەتو لەرۆژی(٢٠١١/٢/٢٧) لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی ئەنقەرە لەتەمەنی ٨٤ساڵیدا مردووە، بڕوانە د.خالد عبدالوهاب عبدالرزاق: الصراع بین الیمین والیسار فی ترکیا، م.س، ص(٥٠-٥١).

١٤ د.طلال یونس الجلیلی: صعود التیار الاسلامی فی ترکیا، اطروحة دکتوراه غیر منشورة، کلیة التربیة، جامعة الموصل، ٢٠٠٧، ص(١٣٦-١٣٧)، و حامد محمود عیسی: القضیة الکردیة فی ترکیا، ط١، مکتبة مدبولی، القاهرة، ٢٠٠٢، ص٢٧٦.

١٥ ماجید محی عەبدولعەباس: رۆڵی تەوژمی ئیسلامیی لەتورکیا(١٩٦٠- ١٩٨٠)، لەکتێبی گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامیی لەتورکیا(١٩٤٦-٢٠١٢)، و.(بەرزان مەلا تەها)، چ١، چاپخانەی(کارۆ)، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٠١.

١٦ عایشە جاغلار: الذئاب الرمادیة کتعبیر مجازی، ماخوذ من اندرو فنکل ونوکهت سیرمان: ترکیا المجتمع والدولة، ت(د.حمدی حمید الدوری و د.عدنان یاسین مصطفی)، ط١، بیت الحکمة، بغداد، ٢٠٠٢، ص١٠٦، ود.احمد عبدالعزیز محمود: ترکیا فی القرن العشرین، دراسة جغرافیة سیاسیة، ط١، مط(رۆژهەڵات)، اربیل، ٢٠١١، ص(٩٥-٩٦، ١٠٢).

١٧ رژێمی ١٢ی ئەیلوول ١٤ساڵە تورکیا بەرەو هەڵدێر دەبات، ر(وڵات)، ژ(٣١)، دووشەممە(١٩٩٤/٩/١٢)، وسالار اوسی ویوسف ابراهیم الجهمانی: ترکیا وامریکا، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزیع، دمشق، ٢٠٠٠، ص٢٤.

هێرشەکان بۆ سەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە وەك قوتابخانەو زانکۆو دەزگاکانی دادوەریی‌و ڕێکخراوەکانی کرێکاران‌و جگە لەوانیش، وڵات بەرەو جیابوونەوەو جەنگی نێوخۆیی ئەبەن...». هەروەك بەیاننامەکە هۆکاری کودەتاکە بۆ ناچاربوونی سوپا لەپێناو پاراستنی یەکپارچەیی وڵات‌و مافو ئازادی گەلی تورکیاو گرەنتی ژیانی خەڵك‌و...،تاد، پاساو ئەدات.١٨

## دووەم- هۆکاری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی:

ئەو دەستوەردانە سەربازییەی ساڵی (١٩٧١) ڕوویدا یەکێك لە هۆکارەکانی خراپبوونی بارودۆخی ئابووریی ساڵانی شەستەکان بوو، دواتریش بازاڕەکانی تورکیا بە درێژایی ساڵانی حەفتاکان وەستا بوو بەهۆی زۆری ڕێژەی ناردەنی، لە ساڵی (١٩٧٢) وەستانێکی ئاشکرا بە بازرگانی دەرەکییەوە دەرکەوت، کە گەیشتە (٣،٢٪) ملیۆن لیرە، تاکو ساڵی (١٩٧٧) گەشتە (٧،٧٪)، هەروەها بڕی قەرزی تورکیاش زیادیکردبوو بە ڕێژەی (٢،٢) ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٧٠، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٧) بەرزبوویەوە تاکو گەیشتە (١٢،٥) ملیۆن دۆلارو ساڵی (١٩٧٩) بوو بە (١٥)ملیۆن دۆلار، هاوکات دابەزنی ڕێژەی لیرە بە بڕی (٢٠-٣٠٪)، هەڵاوسانیش لە ساڵی (١٩٧٩) گەیشتە نزیکەی (٩٢٪).١٩

بەدرێژایی ساڵانی حەفتاکان تورکیا بارودۆخێکی ئابووریی خراپی بەخۆیەوەبینی، بەگوێرەی سەرچاوەکان ئەم نەهامەتی‌و نالەبارییە ئەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکان‌و شەستەکان، ئەمەش بەربەستێکی گەورە بوو لەبەردەم حکومەتەکانی تورکیا لە ساڵانی حەفتاکان. هۆیەکی تری ئەم بارودۆخە خراپەی تورکیا لەرووی ئابوورییەوە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی تورکیا بووە بەرێژەی (٢٣٪) لە شەستەکاندا، ئەمەش بێکاریی بەدوای خۆیدا هێنا بەرێژەی (١-٥٪)، کۆچکردنی بەردەوامی خەڵك لە گوندەوە بۆ شارەکان‌و بڵاوبوونەوەی بێکاری لە لادێکاندا خراپبوونی بارودۆخی ئابووریی بەدوای خۆیدا هێنا.٢٠

لەلایەکی ترەوە ئەو پیشەسازییانەی، کە پشتیان بە پشتگیری بێگانە ئەبەست تووشی قەیران هاتبوون، هەروەها دابینکردنی یەدەگە بیانییەکان ئابووریی تورکیای زۆر لاوازکردبوو، قەیرانەکانی نەوتی تورکیا لە ساڵی (١٩٧٣-١٩٧٤) نرخی نەوتی لە بازاڕەکانی نێودەوڵەتیدا بۆ چوار هێندە بەرزکردبۆوە، ئەمەش بۆ تورکیا، کە هەر لە پەنجاکانەوە پشتی بە وزەی نەوت بەستبوو بارودۆخی ئابوورییەکەی زۆر لاواز کردبوو.٢١ هەڵاوسان تائەهات زیاتر ئەبوو لەو وڵاتە، بە جۆرێك لە ساڵی (١٩٦٧) بە ڕێژەی (٢٠-٤٠٪) بەرزبووبوویەوە. لە (١٩٧٩) بە ڕێژەی (٦٠٪)، ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی باری گوزەران لە تورکیا تا ئەهات سەختتر ئەبوو، ڕێژەی بێکاریش لە زیادبووندابوو. زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بە بەردەوامی لە تورکیا بە ڕێژەی (٦-٧٪)ی ساڵانە بووبووە هۆی ئەوەی بێکاری زیاد بێت و کرێکاران ناڕەزایی دەرببڕن. چینی هەژار و کرێکار بە ڕێگەی جیاواز کەوتبوونە ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندان و ڕووبەڕووبوونەوەی

١٨ عقیل سعید محفوض: جدلیات المجتمع والدولة فی ترکیا، المؤسسة العسکریة والسیاسة العامة، ط١، مرکز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتیجیة، ابوظبی، ٢٠١٣، ص٥٠.

١٩ د.علی حمزة سلمان الحسناوی: ظاهرة الانقلابات العسکریة، م.س، ص١١٩.

٢٠ دلشاد محمود صالح بابلا: دور المؤسسة العسکریة الترکیة..، م.س، ص(١١٦-١١٧).

٢١ ئێریك جەی.زوچەر: مێژووی هاوچەرخی تورکیا، و.لەئینگلیزییەوە(د.یاسین سەردەشتی)، چ١، چاپخانەی(سیڤا)، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٩١.

هێزە چەکدارەکان. لە ماوەی (١٩٧٠- ١٩٧٨) چەندین روبەڕووبوونەوە روویدا. ئەمەش بوو بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی (٦٥٨ کەس) لە کەرتە پیشەسازییەکان. لە (١ی ئایاری ١٩٧٦)، کەرۆژی جیهانی کرێکاران بوو نزیکەی نیو ملیۆن کرێکار دەستیان لەکارکێشایەوە، ئەمەش بە دوای خۆیدا خراپبوونی زیاتری بارودۆخی ئابووریی لێکەوتەوە.٢٢

حکومەتەکانی بەرەی (هاوپەیمانی نیشتیمان)ی ویستیان لە رێگەی وەرگرتنی قەرزی کورتخایەنی فرەگرانی ئەوروپا بە دۆلار رووبەڕووی ئەو کێشەیە ببنەوە، هەوڵیاندا لە رێگەی سەپاندنی سنووردارکردنی هاوردەوە یەدەگە گرانبەها بیانییەکان بپارێزن. بەکارهێنانی نەوت لە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا بەتەواوی قاتی بوو، بەجۆرێ بە هاتنی ساڵی (١٩٧٩) برینی کارەبا بۆ ماوەی (٥ کاتژمێر) بوو بووە باو تەنانەت لە وەرزی زستانیشدا. تەنگەژە ئابوورییەکان بەردەوام لە زیادبووندا بوون بەتایبەت دوای ئەو گەمارۆ ئابوورییەی، کەوڵاتانی رۆژئاوا خستیانە سەر تورکیا بەهۆی پەلاماردانی تورکیا بۆ باکووری قوبرس لە ساڵی (١٩٧٤)، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی قەیرانی ئابووریی تورکیا خراپتر و زیاتر بێت، نەبوونی متمانە بە سیستەمی سیاسیی و کۆتایی وەبەرهێنانی بێگانە و قەرزەکان و هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی جێگرتنەوەی هاوردەکان رەوشێکیان درووستکرد، کە وڵات پێویستی بە (٧٠ سەنت) یش هەبوو.٢٣

هەر لە ئەنجامی کۆچکردنی خەڵکی لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان کشتوکاڵی لادێکان تووشی قەیران هات، کۆچکردنی خەڵکی لە گوندەکانەوە، کە شوێنی کشتوکاڵ بوو بۆ شارەکان، کە شوێنی پیشەسازی بوو قەیرانی ئابووریی و بێکاریی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەتوانین بڵێین کۆچکردنی خەڵکی لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بەهۆی بڵاوبوونەوەی بێکاریی و نەبوونی کەرەستەی کشتووکاڵی پێشکەوتووەوە بوو. بەکارهێنانی کەرەستە و ئامێری بەرهەمهێنانی تازە لە شارەکاندا هۆکارێکی تربوو. کۆچکردنی خەڵکی لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بووەهۆی زۆربوونی گەڕەکی هەژارنشین لە شارەکاندا، کە بووبوونە مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی سیاسیی و خراپبوونی دۆخی ئاساییشی تورکیا.٢٤

لە ساڵی (١٩٧٩) کەسایەتییەك بە ناوی (تۆرگۆت ئۆزال)٢٥* ئەو تەکنۆکراتەی، کە باوەڕی پیاوانی کار هەبوو بانگ کرا بۆ چاودێریکردنی ئابووریی تورکیا، کە لەوکاتەدا لە تەنگەژەدا بوو، بەڵام هەلومەرجە سیاسییەکانی پێویست بۆ سەرکەوتنی پرۆگرام و رێکخستن سازییەکەی، کە لە (١٩٨٠/٦/٢٤) جاڕدرا بوو دووربوون لەوەی سەرکەوێت، بەمەش بۆ چاکترکردنی باری ئابووریی تورکیا پێویست بوو حکومەتێکی بە هێز و چالاك هەبێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژە چاکسازییەکانی (تۆرگۆت ئۆزال) لە بواری ئابوورییدا.٢٦

---

٢٢ د.علی حمزة سلمان الحسناوي: ظاهرة الانقلابات العسكرية، م.س، ص١٢٠.

٢٣ حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، و.(نەجاتی عەبدوڵڵا)، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ١٠٦.

٢٤ هـ.س.

٢٥ * تۆرگۆت ئۆزال: لەتشرین یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ لەمەڵاتیە لەدایك بووە ,بەشی کارەبای لەزانکۆی ئەستەنبۆڵ تەواو کردووە ساڵی ١٩٢٠ز ,ساڵێ ١٩٥٢ بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە ئەمریکاو لەواشنتۆن لەبانکی نێودەوڵەتی دا کاری کردووە ,ساڵی ١٩٥٨ پۆستی ئەمینداریگشتی دەستەی پلاندانانی وەرگرت بۆ چارەسەر کردنی قەیرانی ئابووری تورکیا ,دوای سەرکەوتنی پارتەکەی (پارتی نیشتیمانی دایك) لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٨٣ بووە سەرۆك وەزیران تا ساڵی ١٩٨٩. ئیبراهیم خلیلو خلیل علی، س.پ، ل٣٩٨.

٢٦ حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، س.پ، ل(١٠٦-١٠٧).

## سێیەم- هۆکاری ئایینی:

لەدوای کودەتای(١٩٧١)ململانێی ئیسلامی عەلمانی پێینایە قۆناغێکی نوێوە، لەدوای گەڕانەوەی(نەجمەدین ئەربەکان) لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ تورکیا لەگەڵ هەندێ لەو ئیسلامیستانەی، کە فەرمانی دادگای ئەنجوومەنی ئاسایشی نەیدەگرتەوە، بڕیاریاندا پارتێکی نوێ دابمەزرێنن، بۆیە لەگەڵ چەند کەسایەتییەك توانیان پارتی سەلامەی نیشتیمانی دابمەزرێن، پارتەکە ژێر بەژێر تێڕوانینی ئیسلامییانەی هەبوو تاکو پارتەکەیان هاوشێوەی پارتەکانی تر جموجۆڵەکانی قەدەغە نەکرێت. لەپاش ئەمە لە ساڵی (١٩٧٣) لێبوردنێکی گشتی دەرچوو لە تورکیا بەرامبەر تاوانە سیاسییەکان و ئەو لێبووردنە گشتییە ئەربەکانی گرتەوە و ڕێگەی بۆ خۆشکرد ڕێبەرایەتی پارتی سەلامەی نیشتیمانی بکات و بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکات.٢٧ پارتی ناوبراو توانی لە هەڵبژاردنەکانی (١٩٧٣) پلەی سێهەم بەدەست بێنێت و لە دوای هەڵبژاردن حکومەتێکی ئیئتیلافی دامەزرا و ڕێگە بۆ پارتی سەلامە خۆشبوو بچێتە ناو ئەو حکومەتەوە و دەستیکرد بە کردنەوەی چەندین خوێندنگە بۆ فێربوونی قورئان و لەگەڵ کردنەوەی چوار ئامۆژگای ئیسلامی لەگەڵ کۆلێجێکی ئایینی لە ئەنقەرە، بەمەش لایەنگرێکی زۆری لە دەور کۆبووەوە.٢٨ ئەگەرچی پارتی سەلامە توانی ڕەوشی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیا تاکۆتای حەفتاکان بپارێزێت، بەڵام کتوپڕ بەشێك لە جەماوەرەکەی لەدەستچوو، چونکە (نورسی و نەقشبەندییەکان)ی نێو ئەم پارتە نێوانیان تێکچوو. هەروەها زەبر و زەنگی نێوان ڕاستڕەوەکان و چەپڕەوەکان لەلایەك و سوننە و شیعە لەلایەکی ترەوە لە نیوەی دووەمی حەفتاکان بەرەو هەڵکشان ڕۆشت و لە ئەنجامدا کوژرانی (٢٣٠٠ کەس)ی لێکەوتەوە. ئەم مەسەلەیەش بووە مەسەلەیەکی نیشتیمانیی، لێپرسراوێتی کوشتارەکەی جەژنی کرێکارانیش کەوتە ئەستۆی ڕاستڕەوەکان.٢٩

لەڕاستیدا ئەو میلیشیا چەکدارانەی، کە پارتی سەلامە دایمەزراند بە ناوی (ئاکنجلی – ئۆلگەجەر) دەستیان هەبوو لەبەردەوامبوونی زەبر و زەنگی سیاسیی لەناو تورکیا بە درێژای ساڵانی حەفتاکان. هەموو ئەم ڕەوشانە بووبەهۆی دابەزنی کێرڤی جەماوەری حزبەکان و لەئەنجامدا کاریکردە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (٥ی حوزەیرانی ١٩٧٧)، کەتێیدا پارتی سەلامە (٢٤ کورسی) پەرلەمانی بەدەستهێنا، بەمەش ژمارەی لایەنگرەکانی پارتی سەلامە تائەهات دادەبەزی.٣٠ لە ئەنجامی سیاسەتەکانی پارتەکە لە سەرەتای دامەزراندنیدا بووە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا و یەکێك لە بۆچوونەکانی ئەم پارتە ئەوە بوو، کە عەلمانیەت و ڕۆژئاواگەریی دوو فاکتەری پاشکەوتووی ئابووریی تورکیا و گەندەڵی فەرهەنگی تورکیان. ئایدۆلۆژیای پارتەکەش بە ناوی هزری نیشتیمانییەوە ناسرا، کە بەرگری ئەکرد لە پیشەسازی و یەکێتی لە نێو وڵاتانی ئیسلامی و دژی چوونی تورکیا بوو بۆ ناو (یەکێتی ئابووریی ئەوروپا). هەروەك ڕەخنەی لە سودی بانکەکان ئەگرت، هەموو ئەمانەش هۆکار بووم بۆ ململانێ ئایینی و هزرییەکانی نێوان

٢٧ د.تەلاڵ یونس ئەلجەلیلی و ئەوانی تر: گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی لەتورکیا (١٩٤٦-٢٠١٢)، و.(بەرزانی مەلا تەها)، چ١، چاپخانەی (کارۆ)، سلێمانی،٢٠١٣، ل (٩٢-٩٣).

٢٨ د.نەوال عبدلجەبار: ئایندەی ڕوبەڕووبوونەوەی عەلمانییەت و ئیسلام لەتورکیا، گ(سیاسەتی دەولی)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژ(٥٢)، سلێمانی، ل٩٢.

٢٩ د.عیسمەت بورهانەدین: پەرەسەندنی دیاردەی ئاینی- سیاسی لەتورکیای هاوچەرخ، گ(سیاسەتی دەولی)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان،ژ(٦١)، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٠٣.

٣٠ هـ.س، ل(١٠٣-١٠٤).

پارتـە راسـتڕەو و چەپـڕەوەکان. ئەمانـەش بـە دوای خۆیـدا توندوتیـژی سیاسـیی لێکەوتـەوە.٣١

لـە دوای هەڵبژاردنـی (١٩٧٧) پارتەکـەی بوڵنـد ئەجەویـد سـەرکەوتنێکی رێژەیـی بەدەسـتهێنا و حکومەتێکـی کەمینـەی پێکهینـا، بـەڵام پارتـە راسـتڕەوەکان توانیـان شکسـت بـە حکومەتەکـەی بێنـن. لـە شـوباتی (١٩٧٨) شـەپۆلێکی توندوتیـژی سیاسـیی تورکیـای گرتـەوە، کـە هـۆکاری ململانێـی ئایینـی و هـری بـوو، بەشـێوەیەك چەپـڕەوەکان دەسـتیانکرد بـە کوشـتاری ئـەو فەرمانگانـەی، کـە راسـتڕەوەکانی تێـدا بـوو، ئەندامانـی پارتـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی لـە (کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٨) کوشـتاریان لـە ناوچەکانـی رۆژهـەڵات ئەنجامـدا، بەمـەش بـاری نائاسـایی راگەیەنـرا و حکومـەت رێـو رەسـمی ئاهەنگێڕانیـان لـە (١ی ئایـاری ١٩٧٩) قەدەغەکـرد و سـەرانی یەکێتـی پێشـکەوتنخوازی کرێـکاران دەسـتگیرکرا، لـە هەڵبژاردنـی (١٩٧٩) حکومەتەکـەی ئەجەویـد شکسـتی هێنـا و رووخـا، دواتـر حکومەتێکـی کاتـی بـە سـەرۆکایەتی (دیمریـل) دامـەزرا بـە پشـتیوانی دەرەکـی لـە پارتـی دیموکـرات و پارتـی نەتەوەیـی.٣٢ حکومەتەکـەی دیمریـل بـەردەوام بـوو لـە (٢٤ ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٩ تـا ١٢ی ئەیلولـی ١٩٨٠). لـە هەمانکاتـدا هەوڵـی هاوپەیمانـی لـە نێـوان باڵـی چەپـی پارتـی گەلـی کۆمـاری و پارتـی رزگاری نیشـتیمانی دەسـتپێکرد، ئەمـەش لـە دژی ڕێ و شـوێنی کـۆت و بەندکردنـی ئازادییـەکان، کەحکومەتەکـەی دێمریـل گرتبوویەبـەر. لـە سـاڵانی (١٩٧٨-١٩٧٩) ژمـارەی کـوژراوان گەیشـتە (٥٢٤١ کـەس) و (١٤١٥٢ کەس)یـش برینـدار بووبـوون. هـۆکاری ئەمـەش ئـەو ململانـێ سیاسـیی و ئایینییـەی نێـوان حزبـەکان بـوو واتـە (راسـتڕەو و چەپـڕەو)، کەمۆرکێکـی ئایینیـی لـە هـزر و تێگەیشـتن و ناسـنامەی پارتەکانـدا لـە خۆگرتبـوو، نـەك لـە بنەڕەتـدا ململانێـی ئایینـی بـوو بێـت.٣٣

بـە پێـی هەنـدێ لـە سـەرچاوەکان یەکێـك لـە هۆکارەکانـی کودەتـای ١٩٨٠ ئـەو فێسـتیڤاڵە ئایینیـە بـوو، کـە لەلایـەن (نەجمەدیـن ئەربـەکان)ەوە بەڕێوەچـوو لـە (کانوونـی دووەمـی ١٩٨٠) لـە شـاری (قۆنیـە)، کـە لـەو فێسـتیڤاڵەدا بانگەشـەی ئاییـن و یاسـاکانی کۆمـاری تورکیـا کـراوە، ئەمـەش لـە رێگـەی جـل و بەرگەکانیـان و ئـەو دروشـمانەی، کـە بەرزکرابوونـەوە بـە (زمانـی عەرەبـی) و رازینەبـوون سرودی نیشـتیمانی تورکیـا بڵێنـەوە. هەروەهـا لـەو خۆپیشـاندانەدا باسـی دژایەتیکـردن و روبەڕووبوونـەوەی عەلمانییـەت و ئەتاتـورك کـرا و ناویـان لێنـا (شـەپۆلی روبەڕووبوونـەوەی کوفـر و شـیوعییەت). بەناوبانگتریـن دروشـمیان دامەزراندنـی تورکیایەکـی ئیسـلامی بـوو.٣٤ بۆیـە ئـەم چالاکییـەش بووەهـۆی ئـەوەی سـەربازەکان روبـەڕووی خۆپیشـاندەران ببنـەوە، چونکـە خۆیـان بـە پارێـزەری پرنسـیپەکانی ئەتاتـورك دادەنـا و پێیانوابـوو ئـەوەی روویـداوە هێرشـکردنە بۆ سـەر دروشـمەکان و بنەمـاکان ئەتاتـورك. ئەمـەش هۆکارێـك لـە تەنیشـت هـۆکارە ناوخۆییەکانـی تـر بـۆ ئەنجامدانـی کودەتاکـەی (١٢ی ئەیلوولـی ١٩٨٠).٣٥

## باسی دووەم- هۆکارە دەرەکییەکانی بەرپابوونی کودەتای (١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠)

هـۆکارە دەرەکییـەکان بـە یەکێکـی تـر لـە هۆکارەکانـی کودەتـای (١٩٨٠) دادەنرێـت، چەنـد رووداوێکـی دەرەکـی بوونـە هـۆی ئـەوەی کاریگەرییـان هەبێـت لەسـەر دەوڵەتـی تورکیـا، ئەمـەش وای لـە دەسـتەی سـوپای تورکیـا

٣٤ د.عسمەت بورهانەدین: س.پ،ل١٠٥.

٣٥ د.ابراهیـم خلیـل احمـد: الاحـزاب السیاسـیة فـی ترکیـا، مـن کتـاب: د.خلیـل علـی مـراد واخـرون: ترکیـا المعـاصرة، جامعـة الموصـل، ١٩٨٧، ص١٨٣، بـاران کایـا: کودەتـا سەربازییەکان(٥٠)سـاڵ تورکیایـان بـەرەو دواوە بـرد، گ(دۆسـێی تورکیـا)، ژ(٢)، ئەیلوولـی ٢٠٠٥، ل١٢٢، ود.علـی حمـزة الحسـناوی: ظاهـرة الانقلابـات...، م.س، ص١٢٠.

کرد کەکارەکانیان زیاتر بە خێرایی ئەنجام بدەن بۆ ئەنجامدانی کودەتا پلان بۆ داڕێژراوەکەیان. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند رووداوێك ئەکەین، کە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەنجامدانی کودەتای (١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠).٣٦

رووخانی رژێمی شای ئێران، کە بە یەکەمین سەرکەوتنی (ئیسلامی سیاسیی- شیعەگەرا) دادەنرێت لە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پیادەکردنی ئەجێندا هزری و سیاسییەکەی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا و بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە (١٩٧٩) بە رابەرایەتی (ئایەتوڵا خومەینی) بەسەر رژێمی محەمەد رەزا شای پەهلەوی دەستیپێکرد، کە پاش رووخانی دەوڵەتی عوسمانی توانی دەوڵەتێکی ئایینی و مەزهەبی دابمەزرێنێت بە دروشمی (نەشەرقی – نەغەربی ) و بووە یەکەمین ئەزموونی دەسەڵاتی (ئیسلامی سیاسیی- شیعەگەرا) لەماوەی رابردووی بزاڤە ئیسلامییە سیاسییەکان بە هەردوو باڵی مەدەنی و جیهادییەوە تیۆریزەیان بۆ ئەکرد و شەقامیان بۆ ئامادە ئەکرد.٣٧ ئەم شۆڕشەی خومەینی چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکی هەبوو، کە گرنگترینیان هۆکاری سیاسیی و دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی رژێمی شای پەهلەوی بوو. هەروەها هۆکاری ئایینی رۆڵی کاریگەر و بەهێزی پێگەی پیاوانی و دامەزراوەی ئایینی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی لە ئێراندا پێیان قبوڵ نەبووە وڵات بەوشێوەیە بێت و خەڵکی لە ئازار و ئەشکەنجە و نەبوونی ئازادیدا بژین. هاوکات خراپی سیاسەتی ئابووریانەی محەمەد رەزا شا هۆکارێکی تر بوو بۆئەوەی کاسبکاران لە دژی شا بەشداری ناڕەزایی و خۆپیشاندان و شۆڕش بکەن. ئەمانە و چەندین هۆکاری تر بوونە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران(شۆڕشی ئیسلامیی) و رووخانی رژێمی شای پەهلەوی.٣٨ سەرکەوتنی شۆڕشەکە لە (١٩٧٩) دڵگەرمی و گوڕوتینێکی گەورەی بە تەوژمی ئیسلامی لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بەخشی و یەکێك لەوڵاتانەش تەوژمی ئیسلامی تورکیا بوو. دەسەڵاتدارانی سەربازی تورك ئەم شۆڕشەی ئێرانیان بە مەترسی دانا بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا، ئەمەش بەهۆی بوونی تەوژمی ئیسلامی لە تورکیا، ئەم سەرکەوتنەی ئێران بوو بەهۆی ئەوە ئەو تەوژمە ئیسلامییە زیاتر سوور بن لە بڵاوکردنەوەی بۆچوونە ئیسلامییەکانیان، ئەمەش سوپای تورکیای هاندا بۆ ئەوەی کودەتا ئەنجام بدات لە (١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠).٣٩

لەلایەکیترەوە بوونی (سەدام حسێن) بە سەرۆك کۆماری عێراق لە ساڵی ١٩٧٩، دوای ئەوەی، کە لە جێگەی ئەحمەد حەسەن بەکر خۆی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید کرد و پێشتریش پلەی سوپاسالاری بەخۆی دابوو. سەدام نە کۆلێژی سەربازی بینیبو و نە خزمەتی سەربازیشی ئەنجامدا بوو، تەنها وەك سەربازی خۆبەخش لە رابردوودا کاریکردبوو. ئەم سەرکەوتنەی سەدام و بوونی بە سەرۆك کۆماری عێراق، یەکێك بوو لە هۆکارە دەرەکییەکان، کە کاریگەری هەبوو لەسەر روودانی کودەتای ١٩٨٠ لە تورکیا.٤٠ هەروەها تێکچوونی رەوشی ناوخۆی ئەفغانستان و داگیرکردنی لەلایەن یەکێتی سۆڤییەتەوە بوو بەهۆی تێکچوونی

---

٣٦ هـ.س، ل١٢٠.

٣٧ عومەر علی غەفور: زستانو بەهاری ئیسلامی سیاسی،چ١،چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٢، ل١٥.

٣٨ د. هۆشمەند علی محمود: رۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٧٩- ١٩٨٩)، چ١، چاپخانەی (شەهاب)، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣١.

٣٩ عومەر علی غەفور: زستانو بەهاری ئیسلامی سیاسی، س.پ، ل ١٥.

٤٠ دوریە عەونی: عەرەبو کورد ناکۆکی یان تەبایی، و. (سوارە قەڵادزێی)، چ١، چاپخانەی (شڤان)، هەولێر،٢٠١١، ل١٦٨.

بارودۆخی ناوخۆی ئەو وڵاتە لە رووی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە.

ئەوەی تایبەت بوو بەهۆکارە دەرەکییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانی دڕدۆنگی رۆژئاوا بوو بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، چونکە ئاڵۆزبوونی رەوشی نێوخۆیی تورکیا بەهۆی هەڵشکانی توندوتیژی سیاسیی تاکە هۆکار نەبوو بۆ نیگەرانی رۆژئاوا، بەڵکو هۆکاری نیگەرانییەکە بۆ ئەوە ئەگەرێتەوە، کە رۆژئاوا و ئەمەریکا تورکیایان بە هاوپەیمانی خۆیان ئەزانی و ئەو وڵاتە لە رێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) ئەندام بوو، هاوکات نزیکی پێگەی جوگرافی تورکیا لە وڵاتی ئێرانەوە، کە تازە بە تازە شۆڕشی گەلانی ئێرانی تێدا روویدابوو، کۆتایی بە سیستەمی شاهەنشایی دۆستی رۆژئاوا و ئەمەریکا هێنابوو، لەوەش مەترسیدارتر تەوژمی ئیسلامی رادیکالی شیعەگەرا هەژموونی خۆی بەسەر دەسەڵاتی نوێی ئێراندا کرد لەماوەیەکی کەمدا. هەموو ئەمانە ترسی رۆژئاوا و ئەمەریکایان لە دۆخی سیاسیی تورکیا زیاتر کرد. لەولاشەوە وەك ئاماژەمان پێدا یەکێتی سۆڤیەت وەك رابەری بلۆکی سۆسیالیستی، کە نەیاری رۆژئاوا و ئەمەریکا و بلۆکی سەرمایەداری بوو لەچوارچێوەی جەنگی سارددا، دەستوەردانی لە ئەفغانستان کردبوو.٤١ بۆیە ئەمەریکا زیاتر لە تورکیا نزیك بۆوەو نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە رۆژی(٨ی کانوونی دووەمی ١٩٨٠) گەیشتە ئەنقەرە بۆدانانی هێڵی گشتی رێکەوتننامەی بەرگری و هاریکاری هاوبەش لەنێوان هەردوو وڵات، ئەوەبوو لە رۆژی (٢٠ی ئاداری ١٩٨٠) رێکەوتننامەکە ئیمزا کرا و لەرێگەیەوە تورکیا زیاتر بە رۆژئاواوە شەتەك درا.٤٢ بۆیە پشتیوانی پارێزگاری سیستەم و یەکپارچەیی خاکی تورکیا بوو بەتایبەت لەگەڵ گێڕانەوەی ئارامی و سەقامگیری و ئۆقرەیی رەشوی ناوخۆی ئەو وڵاتەدا بوو. هەربۆیە باس لەوە ئەکرێت، کە ئەمەریکا سەرباری ئەوەی ئاگاداری رووداني کودەتاکە بووە، هاوکات بە رەزامەندی ئەوانیش ئەنجامدراوە.

کۆی ئەو رووداوە دەرەکییانە رۆڵ و کاریگەری گرنگیان هەبوو لەسەر وڵاتی تورکیا، بۆیە لە کاتژمێر(٤:١٥) خولەکی بەرەبەیانی رۆژی (١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠) سێهەمین کودەتای سەربازی لەلایەن سوپای تورکیاوە ئەنجام درا بە سەرۆکایەتی سوپاسالار (کەنعان ئیڤرین)،٤٣ لەرێگەی بەیاننامەیەکەوە و لەئەنجامیشدا سوپا دەستیگرت بەسەر دامەزراوە هەستیار و بنەڕەتی و سەرەکییەکانی حکومەتدا و باری نائاسایی راگەیاند و کۆتایی بە حکومەتەکەی سلێمان دێمریل هێنا و هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران هەڵوەشێنرایەوە و زۆربەی سەرکردە سیاسییە چەپ و ئیسلامییەکانیش دەستگیر و زیندانیکران. هاوکات سوپا بۆماوەی سێ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد تاهەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدرا و دەسەڵات رادەستی دەسەڵاتی مەدەنی و هەڵبژێردرا و کرایەوە.٤٤

٤١ د.خضير البديري: التاريخ المعاصر لايران وتركيا، ط٢، مكتبة (مؤمن قريش)، بيروت، ٢٠١٥، ص٣٧٤.

٤٢ د.خضير البديري: التاريخ المعاصر لايران وتركيا، م.س، ص٣٧٥.

٤٣ شەعبان ئیبا: س.پ، ل١٦٧.

٤٤ حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، س.پ، ل١١٦.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

بارودۆخی سیاسیی تورکیا لەماوەی ساڵانی حەفتاکاندا بارودۆخێکی سەخت و دژواربووە، بەجۆرێ بارگاوی بووە بە ململانێی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی و تورکیا لەنێو بەرەی سەرمایەداریدا بووە لەسەر ئاستی جیهانیی.

لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا بارودۆخی سیاسیی لەقەیرانی قووڵدا بووە، ئەوەش بەهۆی گەشەکردنی رەوت و تەوژمی سیاسیی ئایدۆلۆجیا جیاواز کاریگەرییان لەسەر رەوشی سیاسیی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، بەتایبەت گەشەکردنی رەوتی راستڕەوو چەپڕەو، کە رۆژانە تووشی پێکدادان و پێکاهەڵپژان ئەبوونەوە.

گەشەکردنی رەوتی چەپ و تەوژمی ئیسلامی سیاسیی و جووڵانەوەی چەکداری کورد گرنگترین هۆکارە سەرەکییە سیاسییەکانی روودانی کودەتای (١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠) بوون لە تورکیا، بە جۆرێك سەقامگیریی سیستەمی سیاسیی لەو وڵاتە خستبووە مەترسییەوە.

خراپیی دۆخی ئابووریی تورکیا لەو قۆناغەو بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاریی و دابەزینی داهاتی تاکەکەس و مانگرتن و خۆپیشاندانی ناڕەزایی کرێکاران دیارترین ئەو هۆکارە ئابوورییانە بوون، کە بوونە هۆی روودانی کودەتاکە.

رووداوە هەرێمیەکانی ناوخۆی وڵاتانی دەوروبەری تورکیا فاکتەرێکی تری خیرابوونی رەوڕەوەی روودانی کودەتاکە بوون، لەوانە هەڵایسانی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ لە ئێران و هاتنەسەرکاری سەدام حسێن بۆسەرتەختی دەسەڵاتی سەرکۆمارو پەلاماردانی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە.

ناڕەزایی دامەزراوەی سەربازیی تورکیا لە داڕوخانی رەوشی ناوخۆیی تورکیاو ئاگایی دان بە لاوازبوونی سیستەمی سیاسیی و کارگێڕیی حکومەت بۆ بەرگرتن بە هەڵکشانی توندوتیژییەکان و لاوازی لە چارەسەرکردنی پاڵنەرو هۆکارێکی دیکەی سەرەکی بوون لە پێویستی ئەنجامدانی کودەتا، بەوپێیەی سوپا خۆی بە پارێزەری فەلسەفەی کەمالیزم و سیستەمە سیاسییەکەی ئەزانیی.

ترسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك هاوپەیمانی سەرەکی تورکیا لە داڕمانی زیاتری رەوشی ناوخۆیی تورکیاو دەستبەسەراگرتنی دامو دەزگاکانی حکومەت لەلایەن رەوتی چەپ و تەوژمی ئیسلامیی و گەشەکردنی جووڵانەوەی چەکداری کورد هۆکاربوون، هۆکار بوون بۆئەوەی رەزامەندی و ئاماژە بە ئەنجامدانی کودەتای سەربازی (١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠) لەو وڵاتە بدەن.

## ملخص البحث

انقلاب (١٢ ايلول ١٩٨٠) فى تركيا، دراسة فى اسباب الداخلية والخارجية

تفاقم الاوضاع الداخلية فى تركيا نهاية السبعينات بسبب الصراع وصدام الشارع اليسار واليمين التركى بجانب تطور الحركة الاسلامية والتيار اليسار التركى والحركة الكوردية المسلحة وظهور مشاكل الاقتصادية مثل تفشى البطالة وتردى الاوظاع المعيشية وهبوط الدخل الفردى واعتصامات ومظاهرات العمالية والنقابية على صعيد الاسباب الداخلية ادت الى حدوث انقلاب (١٢ ايلول ١٩٨٠). وعلى صعيد الاسباب الخارجية حدث تحولات سياسية رئيسية داخل الدول المجاورة لتركيا مثل مجىء صدام حسين الى السلطة فى العراق واندلاع ثورة

الشعوب الايرانية او الثورة الاسلامية الايرانية فى ايران عام ١٩٧٩ واخيرا احتلال افغانستان من قبل قوات الاتحاد السوفيتى (١٩٨٠) فى ذلك المرحلة مخاوف عند المؤسسة العسكرية التركية وحامى المبادىء الكمالية. قلق ولايات المتحدة الامريكية بشأن ضعف النظام السياسى التركى فى مواجهة اعمال الشغب والعنف ومظاهرات والصدامات فى الشوارع، فضلا عن مخاوف امريكى على هيمنة الحركات الاسلامية واليسارية على مقاليد الحكم فى تركيا ادى الى موافقة واشارة للمؤسسة العسكرية التركية بضرورة قيام بانقلاب العسكرى واعادة الاستقرار السياسى للبلاد. لذا قامت المؤسسة العسكرية فى تركيا بلانقلاب العسكرى صبيحة يوم (١٢ ايلول ١٩٨٠) ببيان عسكرى وسيطرة على مؤسسات الحكومية ومقاليد الحكم ووارسال قادة الاحزاب والسياسيون الى السجون واعلان حالة الطوارى فى البلاد.

حاولنا فى هذه البحث دراسة عن انقلاب (١٢ ايلول ١٩٨٠) فى تركيا خاصة فى اسبابه الداخلية والخارجية المؤثرة. وزعنا البحث على مبحثين، المبحث الاول بعنوان (الاسباب الداخلية للانقلاب ١٢ ايلول ١٩٨٠) والمبحث الثانى (الاسباب الخارجية للانقلاب ١٢ ايلول ١٩٨٠) وخامتنا البحث باستنتاجات ملخصة فى نهاية البحث.


## Summary

The internal situation in Turkey worsened at the end of the seventies due to the conflict and clash of the Turkish left and right, in addition to the development of the Islamic movement, the Turkish left movement, and the armed Kurdish movement, and the emergence of economic problems such as widespread unemployment, deteriorating living conditions, decline in personal income, sit-ins and demonstrations by workers and the niqab. At the level of internal reasons that led to a coup (12 September 1980). In terms of external reasons, major political transformations occurred within the countries neighboring Turkey, such as the coming of Saddam Hussein to power in Iraq, the outbreak of the Iranian peoples' revolution or the Iranian Islamic Revolution in Iran in 1979, and finally the occupation of Afghanistan by Soviet Union forces. (1980) At that stage, there were concerns among the military establishment Turkish and protector of Kemalist principles.

The concern of the United States of America about the weakness of the Turkish political system in the face of riots, violence, demonstrations and clashes in the streets, as well as American concerns about the dominance of Islamic and leftist movements over the reins of government in Turkey led to an agreement and a signal to the Turkish military establishment of the necessity of... a military coup and the restoration of political stability to the country. Therefore, the military establishment in Turkey carried out a military coup on the morning of September 12, 1980, with a military statement, taking control of government institutions and the reins of government, sending party leaders and politicians to prisons, and declaring a state of emergency in the country.

In this research, we attempted to study the coup (September 12, 1980) in Turkey, especially its influential internal and external causes. We divided the research into two sections, the first section entitled (Internal causes of the coup on September 12, 1980) and the second section (External causes of the coup on September 12, 1980). We concluded the research with summary conclusions at the end of the research.


**Keywords: (Turkey, coup, cause, military, internal, external).**

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم- بە زمانی عەرەبی

### ئەلف- کتێب:

ابراهيم الداقوقى: اكراد تركيا، ط٢، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٨.

اندرو فنكل ونوكهت سيرمان: تركيا المجتمع والدولة، ت(د.حمدى حميد الدوري و د.عدنان ياسين مصطفى)، ط١، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٢.

حامد محمود عيسى: القضية الكردية فى تركيا، ط١، مكتبة مدبولى، القاهرة، ٢٠٠٢.

د.ابراهيم خليل احمد ود.خليل على مراد: ايران وتركيا، دراسة فى تاريخ الحديث والمعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٢.

د.احمد عبدالعزيز محمود: تركيا فى القرن العشرين، دراسة جغرافية سياسية، ط١، مطبعة(رۆژهەلات)، اربيل، ٢٠١١.

د.خضير البديرى: التاريخ المعاصر لايران وتركيا، ط٢، مكتبة (مؤمن قريش)، بيروت، ٢٠١٥.

د.خليل على مراد واخرون: تركيا المعاصرة، جامعه الموصل، ١٩٨٧.

د.سعيد الحاج: تركيا والانقلابات العسكرية واحتمالات المستقبل، ط١، المعهد المصرى للدراسات، ٢٠١٩،

د.طارق عبدالجليل: العسكر والدستور فى تركيا من القبضه الحديدية الى دستور بلا عسكر، ط٢، دار النهضة للنشر، مصر، ٢٠١٣.

د.ياسر احمد حسن: تركيا البحث عن المستقبل، ط١، دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٦.

دلشاد محمود صالح بابلا: دور المؤسسة العسكرية التركية فى السياسة الداخلية(١٩٨٠-٢٠٠٢)، ط١، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٢،

سالار اوسي ويوسف ابراهيم الجهمانى: تركيا وامريكا، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٠.

عقيل سعيد محفوض: جدليات المجتمع والدولة فى تركيا، المؤسسة العسكرية والسياسه العامة، ط١، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبى، ٢٠١٣، ص٥٠.

ڤلادمير ئيڤانوڤيتچ دانيلوف: الاصلاح السياسى فى تركيا، ت(يوسف ابراهيم الجهمانى)،ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق- سوريا.

### بێ- گۆڤار:

د.خالد عبدالوهاب عبدالرزاق: الصراع بين اليمين واليسار فى تركيا وانعكاساتها على سياستها الخارجية، مج(كلية التربية الاساسية)، ع(٧١)، ٢٠١١.

د.ريان ذنون العباسى: سليمان ديمريل ودوره فى تنمية مشاريع المياه التركية، مج (التربية والعلم)، مجل(١٧)، ع(١)، مركز دراسات الاقليمية، جامعة الموصل، ٢٠١٠.

د.على حمزه سلمان الحسناوى: ظاهرة الانقلابات العسكرية واستلاء على السلطة فى تركيا، مجلة (جامعة كربلاء العلمية)، ع(٣)، ٢٠١٠.

## دووەم- بە زمانی کوردی

### ئەلف- کتێب

حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، و.(نەجاتی عەبدوڵڵا)، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

د. هۆشمەند علی محمود: رۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٧٩- ١٩٨٩)، چ١، چاپخانەی (شەهاب)، هەولێر، ٢٠١٢.

د.ابراهیـم خلیـل احمـد و د.خلیـل علـی مراد:مێـژووی ئێـران و تورکیـا، و.(بەهادین جـلال مسـتەفا)، چاپخانەی (ڕۆژهــەڵات)، هەولێــر، ٢٠١٢.

د.تـەلال یونـس ئەلجەلیلـی و ئەوانـی تـر: گەشەسـەندنی تەوژمـی ئیسـلامی لـە تورکیـا (١٩٤٦-٢٠١٢)، و.(بەرزانـی مـەلا تەهـا)، چ١، چاپخانـەی (کارۆ)، سـلێمانی،٢٠١٣.

دوریە عەونی: عەرەب‌و کورد ناکۆکی یان تەبایی، و.(سوارە قەڵادزێی)، چ١، چاپخانەی شڤان، هـەولێر، ٢٠١١٨.

عومەر علی غەفور: زستان‌و بەهاری ئیسلامی سیاسیی،چ١، چاپخانەی (ئاراس)، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٥.

کۆمەڵــێ نوســەر: گەشەســەندنی تەوژمــی ئیســلامیی لــە تورکیــا (١٩٤٦-٢٠١٢)، و.(بەرزانــی مــەلا تەهــا)، چ١، چاپخانــەی(کارۆ)، ســلێمانی، ٢٠١٣.

گەرمیان محمد احمد: پەکەکە دۆستی هەرێمی کوردستان یان دوژمن؟ چ١، چاپخانەی (چوارچرا)، سلێمانی،٢٠١١.

ماجیـد خەلیـل فەتـاح: ڕێکخسـتنە سیاسـییەکانی باکـووری کوردسـتان (١٩٦٠- ١٩٨٠)، چ١، چاپخانـەی (حاجی هاشـم)، هەولێر، ٢٠١٢.

هــاوکار محێدیــن جەلیــل: دۆزی کــورد لــە تورکیــا لەســاڵانی (١٩٨٠-١٩٩٠)، چ١، چاپخانــەی (حاجــی هاشــم)، هەولێــر،٢٠١٢.

ئیبراهیم داقوقی: کوردی تورکیا، و.(هیمەت عەزیز کاکەیی)، چ١، چاپخانەی (ڕۆژهەڵات)، هەولێر، ٢٠١٢.

ئێرێـك جەی.زوچـەر: مێـژووی هاوچەرخـی تورکیـا، و.لـە ئینگلیزییەوە(د.یاسـین سەردەشـتی)، چ١، چاپخانەی(سـیڤا)، سـلێمانی، ٢٠٠٩.

## بێ- گۆڤار

بـاران کایـا: کودەتـا سەربازییەکان(٥٠)سـاڵ تورکیایـان بـەرەو دواوە بـرد، گ(دۆسـێی تورکیـا)، ژ(٢)، ئەیلوولـی ٢٠٠٥، ل١٢٢.

د.عیسـمەت بورهانەدیـن: پەرەسـەندنی دیـاردەی ئاینـی- سیاسـی لـە تورکیـای هاوچـەرخ، گ(سیاسـەتی دەولـی)، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان،ژ(٦١)، سـلێمانی، ٢٠١٣، ل١٠٣.

د.نـەوال عبدلجەبـار: ئاینـدەی ڕووبەڕووبوونـەوەی عەلمانییـەت و ئیسـلام لـە تورکیـا، گ(سیاسـەتی دەولـی)، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان، ژ(٥٢)، سـلێمانی، ل٩٢.

شەعبان ئیبا: (سوپا- سیاسەت- دەوڵەت)، گ(دۆسێی تورکیا)، ژ(٣)، ٢٠٠٦.

## جیم- ڕۆژنامە

ڕژێمی١٢ی ئەیلوول، ١٤ساڵە تورکیا بەرەو هەڵدێر دەبات، ر(وڵات)، ژ(٣١)، دووشەممە(١٩٩٤/٩/١٢)،

## سێیەم- تێزی دکتۆرا

د.طـلال یونـس الجلیلـی: صعـود التیـار الاسـلامی فـی ترکیـا، اطروحـة دکتـوراە غیـر منشـورة، کلیـة التربیـة، جامعـة الموصـل، ٢٠٠٧.